

# که جێت هێئتم


*سارا عومەر، دانمارک*

2006 / 5 / 13

Xozga86@hotmail.com


که جێت هێشتم ئیتر دەرگای دڵی کێ بکەمەوە ؛
ڕولەکێ کەم بەتاسەوە بتوێمەوە ؛
دەڤەریکم بۆ بکە بە گۆڕ
با لە ئامێزی ئێوارانتا
لەسەر سینەت لێکنێم چاوم بە ئەسپایی
لە باوەشی هەستەکانتا کەپرێک هەڵدەم
لە گوێسوانی ڕووبارەکان خۆم قوتار کەم
با هەست نەکەم بە تەنهایی
لەگەڵ خۆتا ڕاپێچم کە... ڕاپێچم کە

که جێت هێشتم بێ هیوا نیم
لەگەڵ یادی چرۆکانتا ئەبمە نەسیم
لەگەڵ دەنگە شمشاڵەکەتدا
شار بە شار و
کووچە بە کووچەی ئەم کاول بووە ئەکێڵم
بە ئومێدی ساتێک بینین لە تۆ
ساتێک بینین لە باخچەکەی نامۆ بونت و
ساتێک تێکەڵ کردنت لەگەڵ
باخچەکانی فیردەوس
لەگەڵ خۆما ڕاپێچت ئەکەم.... ڕاپێچت ئەکەم

که جێت هێشتم کاروان ئاسا
خۆشەویستی و گشت ووشەکانت
لەگەڵ بوخچەیەکا لە کۆڵ ئەنێم
ئەبمە ڕێبوارو
بە شوێن پێتا هەنگاو ئەنێم
پەڕە گوڵێکیش لە باخچەکەم ئەوەرێنم و
لەگەڵ خۆما بۆت ئەنێرم
با دڵنیات کات و پێت بڵێت
ئەی کوڕی وڵاتی نامۆ
ئەو گوڵەی ئێستا بە یەخەی چاکەتەکەتەوەیە
ئەم پەڕە سورەی لێ جێ ماوە
لەگەڵ خۆتا ڕاپێچی کە ... لەگەڵ خۆتا ڕاپێچی کە